پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) وەك ئەوەی ببینی

ئامادەكردنی: حەمزە بەرزنجی

چاپی/ چوارەم

خوێنـەری بەرێز:....تكایە دوای خـۆت بیـدە بـە كەسێكی تـر تـا بیخوێنێتـەوەو سـوودەكەی بڵاوبێتـەوەو زۆرتـرین كـەس بەشـدار بێـت لـە ناسـینی رووخسـارو رەوشـت و ئاكارە شیرینەكانی پێشەوای مرۆڤایەتی محمد ﷺ

بسم الله الرحمن الرحيم

ئەم پەیامە پێشکەشە بە :

هـەموو ئـەو کەسـانەی بـە راسـتی پێغەمبـەری خوایان (ﷺ) خۆشدەوێت و تامەزرۆن بە دیداری شادبن.

هەموو ئەو گەنج و لاوە دڵ پڕ لە بڕوایانەی کە ئەیانـەوێت رەوشـتیان محمد ﷺ ی بێـت و شـەووو رۆژ لـە خـەمی گەیاندن و سەروەری ئیسلامدان.

بە هـەموو ئـەو پیـاوو ئافرەتـە بە تەمەنانـەی بە بینینــی شـوێنکەوتوانی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) شـادومان و خۆشـحاڵن و بـەو هیوایـەوە منداڵـەکانیان گـەورە دەکـەن کـە پەروەردەیان پەروەردەیەکی موسڵمانانە بێت.

http://www.facebook.com/hamzabarzngy

بسم الله الرحمن الرحيم

دەستپێك

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه.....

ووریابە قەڵەم باسی کەسێکی ئاسایی‌و سادە نی‌یە، باسی ناودارێك نی‌یە تەنها لە سەردەمێکدا ڕۆڵی بینێبێت و چوبێتە ناو پەڕی لێکۆڵینەوەو تەنها بە تیۆری بخوێنرێت، زۆر ووریابە باسی سەروەری مرۆڤایەتی‌یە، باسی ئەو کەسەیە کە سەرمەشقی شوێنکەوتنە لە دین و دونیادا، ئەو پێشەوایەی کە خوای گەورە لە ناو گرۆی بەشەری‌دا هەڵی بژاردو کردی‌یە فریادرەس بۆ مرۆڤایەتی، باسی ئەو پێغەمبەرەیە ﴿ﷺ﴾ کە هەتا دونیا بمێنێت بەرنامەکەی بە وێنەی چیمەنی سەوز پەل دەهاوێت و سەراپای زەمین دەکاتە مێرگ و چراخان و سەرەنجامیش سەروەری بۆ بەرنامەکەی ئەوە. ئەو پیاوەی بە باسکردن و ناو هێنانی ڕەنگ زەرد هەڵدەگەڕێت و وەك دەریای نازانی لە کام ڕۆخی‌یەوە ئاوی لێ هەڵبگۆزێت:

لـه دیمـەن و روخسـاری نـورینی، یـان ڕەوشـت و ئاكـاری شیرینی، یان پەرستش و خواپەرستی سـەنگینی، ئاسان نیيـە نوسـینی پێشـەكی‌يەك بـۆ وەهـا كەسـایەتی‌يەك كـە سەرداری كوڕانی ئـادەم(علیه السلام) و كۆتـای پێغەمبـەران بێت.

ئەو پیاوەی نەك تەنها ئـادەمی بگـرە خۆشەویستی لـە نـاو دڵ و دەرونـی گیانلەبـەرو بگـرە بـێ زمانەكانیشـدا رەگی داكوتـابوو. بنجـە دارخوارماكـەی مەدینـە شـایەتە كـە دوای ئـەوەی مینبـەریان بـۆ پێغەمبـەری خـوا﴿ﷺ﴾ دروست كردو ئەو بنجە دارەی بە جێ هێشـت و ووتـاری لــە پاڵــدا نــەدەداو دەســتە پــڕ نــازو میهرەبانەكــەی پێغەمبەری﴿ﷺ﴾ لێ بڕا، بە وێنەی منداڵ دەستی كـردە هەنسك و گریان، بە جۆرێ دەنگـی سـوتانەوەی سینەی هـەموو هـاوەڵان بیسـتیان، تـا پێغەمبـەری بـەڕێز﴿ﷺ﴾ لەسەر مینبـەر دابـەزی‌و وەك منـداڵێك لـە ئـامێزی گـرت و ئیتر هێدی هێدی ئارام بوویەوەو بێدەنگ بوو...

شێخ حەسەنی بەصری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) **دەفەرموێت: هـۆ کۆمـەڵی موسـڵمانان بنجـە دار خورمایـەکی وشـك بـۆ خۆشەویستی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾و دیداری ئەو دەگری، ئێوە لە پێشترن شەیدای پێغەمبەرەکەتان بن﴿ﷺ﴾.**

ئەمڕۆش بە هۆی دوور کەوتنەوەمان لە ڕێبازو ڕەوشتە جـوان و ئاکـارە بـەرزەکانی ئـەو پێغەمبـەرە خۆشەویستە ﴿ﷺ﴾، دەبیـنین کۆمەڵگاکـەمان پـڕ بـووە لـە دیـاردەی سەیرو سەمەرەو سیمای موسڵمانێتیو شوێنکەوتویەتی پێغەمبـەرمان ﴿ﷺ﴾ پێـوە نـەماوەو بگـرە زۆرجـار ئـەو دیـاردە نوێیـەش لـەناو کۆمەڵگەکەمانـدا پەیـدا بـووە کـە دەبینرێـت سـوکایەتی بەرامبـەر خـودی ئـەو کەسـایەتییە بەرزو بە حورمەتە دەکرێت. ئێمەش مەگەر تەنها لە مانگی (ربيع الأول) **دا بیری پێغەمبـەری خـوا﴿ﷺ﴾و ژیاننامـەو ڕەوشـــتەکانیمان بکەوێتـــەوە. زۆرێکمـــان خۆمـــان بـــە شـوێنکەوتەو قوتـابی پێغەمبـەر﴿ﷺ﴾دادەنـێین بـەڵام بـێ ئاگـاین لـە ژیـان و سـیرەتی، سـەراپای ئاکـارو ڕەوشـتمان بەرائـەتی خـۆی نیشـان دەدات لـەو بانگەشـەیە. واش**

دەزانین خۆشەویستی دەربڕین بریتییە لە گۆرانی ووتن و شیرینی بەخشینەوە لە یادی لە دایك بوونیداو بەس....

خوێنەری خۆشەویست .. ئەم بەرهەمەی بەردەستت بریتییە لە پوختەی سیفەتی ڕووخسارو دیمەن و ڕواڵەت و لاشەی پیرۆزی پێغەمبەرە ڕابەرەکەمان ﴿ﷺ﴾ کە زۆرێکمان لێی بێ ئاگاین، پاشانیش مشتێکە لە خەرواری ڕەوشت و ئاکارو ڕەفتارە بۆن خۆش و ڕەونەقدارەکانی کە دۆست و دوژمنی شایەتی بە هەقی بۆ دەدەن . کە لەبەر درێژ نەبوونی باسەکەمان بەڵگەو فەرمودەکانمان نەهێناوە، کە سەرجەم بەڵگەکان فەرمودەی (صَحیح) یان (حَسَن)ن، وە بۆ زیاتر ئاگادار بوون پێی ئەتوانن تەماشای کتێبی (ڕووخسارو ڕەوشتە بەرزەکانی پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾) بکەن.

لە خوای گەورە داواکارین بە شوێنکەوتەی ئەو پێغەمبەرە خۆشەویستە ﴿ﷺ﴾ قبوڵمان بکات و لە ڕۆژی قیامەتدا بە دیداری شادمان بکات.

له دایك بوون و ناو و نەژادی پێغەمبەری خوا ﷺ

پێغەمبەری خوا ﷺ له ڕۆژی دووشەممەی مانگی ڕەبیع الأولدا له دایك بووه له شاری مەککەی پیرۆزو له ماڵێکدا که ناسراوه به(دارالمولد) واته:خانەی لەدایك بوون، له ساڵی ناسراو به ساڵی (فیل) که دەکاته (٥٧١)ی زاینی، له دایك و باوکێکی ناسراو: باوکی ناوی عبدالله ی کوڕی عبدالمطلبه ودایکی ناوی ئامینەی کچی وەهبه، باپیری ناوی نا محمد ﷺ. وەباوکی پێش لەدایك بوونی ئەم وەفاتی کرد .

-پێغەمبەری خوا ﷺ لەبەر سیفەته جوانەکانی سوپاس کراو بووه له ڕەچەڵەکی‌یەوه بەپاکی و بێ لەکەیی هاتووەو خوای گەوره هەڵی بژاردووه، ناوه جوانەکانی زۆره لەوانه : (**محمد – أحمد – الماحي – الحاشر –العاقب**) وه(**نَبيُّ الرَّحمة - نَبيُّ التَّوبة –المُقَفي – نَبيُّ المَلاحِم**) له ئینجیلدا به (**أحمد**)و له تەوراتا ناوی به (**المتوكل**) هاتووه وه خوای گەوره وەسفی کردووه به (**رؤوف**) و (**رحيم**). ناوی تەواوی پێغەمبەری خوا ﷺ

بەم جۆرەیە[محمدی کوڕی عبدالله کوڕی عبدالمطلب کوڕی هاشم کوڕی عبد مناف کوڕی قصي کوڕی کلاب کوڕی مرة کوڕی کعب کوڕی لؤی کوڕی غالب کوڕی فهر کوڕی مالك کوڕی النضر کوڕی کنانة کوڕی خُزیمة کوڕی مدرکة کوڕی إلیاس کوڕی مُضر کوڕی نذار کوڕی مەعد کوڕی عدنان] کە تا ئێرە بە راستی وصەحیحی هاتووە و لەسەرو ئەمیشەوە ئیختیلاف تێدایە . بەڵام گومانی تێدا نییە کە عەدنان لە نەوەو کوڕانی اسماعیل پێغەمبەرە(علیه الصلاة و السلام).بروانە الرحیق المختوم لا٤٧ و مختصر سِیرة الرسول، محمد بن عبدالوهاب.

لە فەزڵەکانی پێغەمبەر(ﷺ)

پێغەمبەری خوا(ﷺ)مژدەدەرو ئاگادارکەرەوەو ترسێنەرو چرایەکی ڕۆشنە، پێغەمبەری خواو کۆتای پێغەمبەرانە، زۆر ترین شوێن کەوتەی هەیە لە ڕۆژی دوایی‌داو یەکەم کەسە کە لە رۆژی دوایی‌دا لە دەرگای بەهەشت دەدات، یەکەم تکاکارە لە بەهەشتدا، چاوی

دەنوســت بــەڵام دڵــی نەدەنوســت، لــەكاتی نوێــژدا لــە پشتیشـیەوە خــەڵكی دەبینــی هــەروەك لەبەردەمیــدا بێت، سـەرداری كـوڕانی ئادەمـەو یەكـەم كەسـە زەوی بۆ لـەت دەبـێو زینـدوو دەبێتـەوەو یەكـەم شـەفاعەتكارە لـە مەحشـەردا. بەسـەر پێغەمبـەرانی تـردا فـەزڵ دراوە بـە شــەش خاســیەت و تایبەتمەنــدی گــرنگ كــە بریتیـیــە لەمانە:(ووتەی گشت گیری كورتی پێدراوە كە وتەیەكی كەمەو مانایەكی زۆری هەیە [ئـەگونجێت قورئـان بێـت یـان فەرموودەكانی خۆی بێت والله أعلم] وە سەرخراوە بەسەر دوژمناندا بە ترس لە مانگە ڕێیەكەوە لێـی دەترسـان وە غەنیمەتی بۆ حەڵاڵ كراوە، وە هەموو زەویی بۆ كـراوە بە شوێن كوڕنوشگاو پاكێتی [بۆ نوێژ كردن و تەیەمموم] وە نێــردراوە بــۆ گشــت دروســت كــراوان، وە بــە هــاتنی پێغەمبەرایەتی كۆتایی پێ هێنرا) .

وەلــە چــاكترین ســـەدەو چــاخدا نێــردراوە، نــزاو پاڕانــــەوەكانی گیرابــــوون، وە تەواوكــــەری كــــاری پێغەمبەرایەتیە.

دیمەنی پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ وەك ئەوەی بیبینی

بالای نەزۆر درێژ بووەو نەزۆر کورت، ڕەنگیشی سپییەکی خوێن سارد نەبووەو ئەسمەر ڕەنگیش نەبووە. قژیشی لول نەبووە، سەرو ڕیشی نزیکەی بیست تاڵ مووی سپی تێدا نەبووە، ڕەنگی ڕووی گەشاوەو سپی کار بووە دەتوت بەزیو قاڵ دراوە. ڕیشی پیرۆزی پڕبووەو ڕەنگی ڕووی سووریەکی پێوە دیار بووە. لاشەی مامناوەندو جوان بووە، لە ڕۆیشتندا کەمێك بەرەو پێشەوە ڕەوتی دەکرد بە وێنەی کەشتی، چوارشانە بووەو شانەکانی پان و لەیەك دوور بووەو قژی هەتا نەرمایی گوێچکەکانی (یان هەندێك جار تانزیکی ناوشانی) هاتبوو، پەنجەو لەپی دەستیو هەردووقاچ و سەری پیرۆزو هەروەها سەری ئێسقانەکانیشی گەورە بووە. وە مووی سەرسینگی تا کەلەکەی درێژ بوو بووەوە. دەمی پیرۆزی گەورەو قلیشی چاوەکانی درێژو پاژنەی قاچی کەم گۆشت بووە

لـه مـانگ جـوانتر بـووەو شێوەی لـه ڕۆژو مـانگ چووەو شێوەی ڕووی پیرۆزو دەم و چاوی خڕ بووە . وە زۆر لـه (ابراهیم) پێغەمبەر(علیه الصلاة والسلام) چووە.

ئەمەنـدە خۆشەویسـت بـوو جـاری وا بـووە کـافرانیش هۆنراوەیـان وتـووە بەسـەری دا. دەسـتی لـە لۆکـەو ئاوریشم نەرمترو بۆنی ئارەقەی لەشـی پـیرۆزی لەعـەترو میسك خۆشتر بووە، دەم و چاوی ڕۆشن و نورانی بووە. نـە قەڵـەوو نـە لاواز نـەبووە، ڕەشـایی گلێنـەی چـاوە جوانـەکانی زۆر بـووە. برژانگـی درێـژ بـووە. دەنگـی خـۆش بـووەو صـەدای تێـدا بـووە، گـەردنی بـەرز بـووە، هەردوو برۆی درێژو چەماوە بووەو نزیکبووە بگەن بە یەك، بە هەیبەت و ویقار بووە، قسەکانی دەتوت مـوروی ڕێکخـراوە بـە دوای یەکـدا دێـن، ڕووی لـە کـەس هەڵنەدەکردو قسە بەتاڵ نەبووە،

مۆری پێغەمبەرایـەتی بـە پشـتی پیرۆزییـەوە بـووە لـە نێوان هەردوو شانیدا لە هێلکەی کۆتر چووە، ئەویش پارچەیەکی سوورو بەرزبووەوە بووەو لە لاشەی پیرۆزی

چووه، ئەو مۆرە بەلای ناوشانی چەپی‌یەوە بوو بە ئەندازەی مستێکی دەست. خاڵی ڕەش باوی بە دەورەوە بووە، وەکو بالوکە (ثآلیل) وابووە. وە کۆمەڵە موویەکی کۆبووەوەی پێوە بووە.

ئارەقەی پێغەمبەری خوا ﷺ وەك مرواری وابووە. وە بۆنی خۆشتر بووە لە میسك و عەنبەر، یەکێك لەئافرەتە بەڕێزە صەحابییەکان (ڕەزای خوایان لێ بێت) ئارەقەکەی دەگرت لە جیّی گوڵاو بەکاریان دەهێنا. وە پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ شوشەیەکی هەبوو گوڵاوی تێدابوو بۆ بۆن خۆش کردنی خۆی، وەزۆر حەزی لە بۆنی خۆش دەکردو ڕەتی نەدەکردەوە فەرمانیشی کردووە کە پشتی وبۆنی خۆش و شیر ڕەت نەکرێتەوە

قژی نەرم وبەردراوە بووە، سەرەتا بەری دەدایەوەو بۆ خوارەوە دایدەهێنا، بەڵام دوایی بەم لاولای ناوەراستی سەریدا دووبەشی دەکرد وەهەندێ جار عائیشە (ڕەزای خوای لێبێت) بۆی دادەهێنا، حەزی دەکرد بە دەستی ڕاستی‌و لە لای ڕاستی یەوە قژی دابهێنێت، مووە

سـپی‌یەکانی بـە زۆری لـەلای لاجانەکانی‌ـدا بـووە، لـە سەرو ڕیشی‌دا نزیکەی چواردە تابیست تاڵی سپی تێدا بووە، بە زۆری لە پێشـەوەی ڕیشی‌دا یان بە بڵاوی لە سـەری‌دا بـووەو کـە چـەوری دەکـرد نـەدەبینرا. وە فەرمویـەتی: سـورەتی (هـود)و هاووێنـەو خوشـکەکانی پیریان کـردم.وە تاڵـە مووەکانیشـی سـوور بـوون چـونکە ڕەنگی کردووە بە ڕەنگی سوورو خەنە.

خۆشەویسترین پۆشاك بەلایـەوە کـراس قـەمیص بـووە وە کـە پۆشـاکی نـوێی لەبـەر دەکـرد داوای خێـری ئـەو پۆشاکەی لە خوای گەورە دەکردو پەنای پـێ دەگـرت لـە خراپەکـەی. وە دەیفـەرموو پۆشـاکی سـپی لەبەربکـەن. نەجاشـی جوتـێ خـوفی ڕەشـی تـۆخی بـە دیـاری بۆنـاردو ئـەویش لـە پـێ‌ی کـرد هـەروەها (دِحیـة)ش . وەشـێوەی نەعلەکەی: دوو(قبال)ی هەبوو{(قِبال) پارچە قەیتانێکە دەچێتە نێوان پەنجە گەورەو ئەوەی پەنای} مووی پێوە نەبووەو لە پێستە دروست کرابوو.

وە دەیفـەرموو: بـە یـەك تاكـەوە مـەڕۆن بەڕێـدا وە لـە كاتی لەپێ كردنیدا ڕاست پێش بخەن و بۆ داكەندنیش چەپ.

مستیلەكەی لەزیوو دروست كرابوو، سەرو نەخشـەكەی حەبەشی بوو لە مووروویەكی سپیو ڕەش پێك هاتبوو مـۆری نامـەكانی پـێدەكرد. چـونكە لەسـەر نەخشـەكەی نوسرابوو (محمد رسول الله) .ئەم مستیلەیە لەدەستیدا بوو تـا وەفـاتی كـرد، دوای خـۆی لـە دەسـتی ئەبوبـەكرو عومەرو عثمان دا بوو (ڕەزای خوایان لێ بێت)، تـا ئـەوە بـوو لە سەردەمی عوثماندا(ڕەزای خوای لێ بێت)، كەوتە ناوبیری ئەریسەوە كە بیرێكە لە باخێكی نزیك مزگەوتی (قوباء). بە زۆری لـە دەسـتی ڕاسـتی دەكـرد، هەنـدێ جاریش لـە دەستی چەپی دەنا بەم شێوەیە: نەخشـەكەی دەخسـتە ناولـەپی دەسـتی. وەنـەهی كـردوە لـەوەی كـەس نـەخش بكاتـە مسـتیلەكەی. وە سـەرەتا مسـتیلەیەكی ئـاڵتونی هەبوو دوایـی لایـبردو ئـەم دانەیـەی كـردە دەسـتی كـە لـە زیوو دروست كرا بوو.

هەندێ جار لە کاتی ووتارداندا مێزەری ڕەشی لەسەر دەکردو لوێچکەی بەناو شانیدا بەر دەدایەوەوە لەو بۆن و عەترەی لێ دەدا کە قژی پێ بۆن خۆش دەکرد، پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ کە وەفاتی کرد کراسێکی پوواو و ڕزیو، لەگەڵ کراس دامێنێکی ئەستوری لەبەردا بووە. پۆشاکەکەی تا ناوەڕاستی قاچی پیرۆزی دەهات و دەیفەرموو: پۆشاك مافی نییە لە خوار قولەپێوە بێتە خوار. پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ هەندێ جار شانی دادەدایە سەر پشتییەك لەلای چەپییەوە.

وە بە ڕاکشاوییەوە هەرگیز خواردنی نەخواردوە، پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ بە هەرسێ پەنجەی (گەورەو شایەتمان و ناوەڕاست)خواردنی دەخواردو دوایی پێش ئەوەی دەستی بسڕێت دەیلیێسانەوە، هەندێ جار ئەوەندە برسی دەبوو نەیدەتوانی دابنیشێ بە تەواوی‌و بەپاڵدانەوە بەشتێکەوە خواردنی دەخوارد. وە هەرگیز خێزان وکەس وکاری پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ دوو ڕۆژ لەسەر یەك تێریان نەخواردوە لە نانی گەنم و جۆ تا وەفاتی

کـردوه زۆربـەی نانیـان نـانی جـۆ بـووەو زۆر ئێـوارەش بەبێ شێو سەریان دەنایەوە. وەپێغەمبـەری خـوا ﷺ لەســـەر مێــز نـــانی نـــەخواردوە، بـــەڵکو لەســـەر زەوی دادەنیشت و لەبەردەمیـدا هـەرگیز زەڵاتـەو ووردە شـتی لـەم بابەتـە نـەبووە کـە ئـارەزووی مـرۆڤ زیـاد دەکات بـۆ خــواردن. گۆشــتی مریشــکی خــواردووە، فەرموویــەتی: زەیــت لــە دارێکــی پــیرۆزە وە لــە مزگەوتــدا خــواردنی خواردووە.

ئـەم شـتانەی بـەلاوە خـۆش بـووەو حـەزی لێ کـردووە : سرکە(خەل)، وە کولەکە، حەڵوا، هەنگوین، وە حـەزی لـە گۆشــتی ســەر ئێســقانی قــۆڵی مــەڕومالات بــوو، وە هــەر لەمەشدا بوو لە لایەن جولەکەکانەوە ژەهرخوارد کـرا. وە حەزی لە تێوڵە (تریت)و گۆشت کردووە. وە هەندێ جار دەســت نوێــژی دەگــرت دوای خــواردنی، وە حــەزی لــە خورمـا، وە پاشمـاوەی کۆتـایی خواردنەکـەی دەکـرد، ئەگـەر خـواردن نەبوایـە بـەڕۆژوو دەبـوو. جـار بـووە لـە برسـاندا لـە مـاڵ هاتۆتـە دەرەوەو لـە مـاڵی هاوەڵـەکانی

نانی خواردووه، وه دەیفەرموو: لـه سـەرەتاوه (بســم الله) بکەن ئەگەر بیرتان چوو بلێن (بسم الله أوَّلَهُ وآخِـرَهُ). وه کـه سـفرەیان لـه بەردەمی‌دا لادەبـرد سـوپاس و ستایشـی خوای گەورەی دەکرد.

پـەرداخی خواردنەوەکەشـی لـه دارێکـی ئەسـتوور لـه داری(النُّضـار) دروسـت کـرا بـوو بـه ئاسـن لێوارەکـانی تەنرابوو خواردنـەوەیان تیایـدا دەدایـه، وه لـه میوەشـدا تـرۆزی بــه خورمـای تـەڕەوه دەخـوارد، وه کاڵـەك بـه خورمای نەرم و پێگەیشتوو. که یەکەم نۆبـەرەی میوەی دەبینــی دەپاڕایــەوەو دەیــدا بــه بچـوکترین منــداڵ لــەو شـوێنەدا. وه هــەرگیز عــەیبی لــه خــواردن نــەگرتووه. حـەزی لـه خواردنەوەیـەك بووه شیرین و سارد بێت. وه فەرموویەتی: جگه لە شیر هیچ شتێك جێگەی خواردن و خواردنەوه ناگرێتەوەو بریان ناکـەوێت. هەنـدێك کات و لـه ناچاری‌دا بـه پێوەو زۆربـەی کـاتیش بـه دانیشـتنەوه ئاوی خواردوەتەوه. وه لەکاتی خواردنـەوەی دا سێ‌جار لە دەرەوەی کاسەکەدا هەناسەی دەدا .

پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ ووتەکانی ڕوون و بڕگە بڕگە بووەوەو هەر کەسێك بیبیستایە لەبەری دەکرد. وە سێ بارەی دەکردەوە تا خەڵکەکە تێی بگات، وەهەموو قسەو ووتەکانی ڕاستی بووە. زۆربەی کاتیش بێدەنگ بووە، بەڵام لەکاتی ووتاردانندا دەنگی هەڵدەبڕی. وە لەنێوان قسەکانیدا داوای لێ خۆش بوون (استغفار)ی دەکرد لە خوای گەورە بەجۆرێ دەیانبیست لە مەجلیسدا سەد جار دووبارەی دەکردەوە. پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾ زۆردەم بەخەندە بووەو هەرگیز قاقای نەکردووە لە کاتی پێکەنیندا، بەڵام هەندێ جار ددانەکانی دواوەی دەرکەوتووە لەکاتی پێکەنیندا .

قسەی خۆش و سوبعەتی لەگەڵ پیرەژن و منداڵیشدا دەکرد. بەڵام سوبعەتەکانی دوور بووە لە درۆ. وە سوعبەتی لەگەڵ خەڵکیدا کردووە . هەندێك جار لە هۆنراوەکانی عبداللەی کوڕی ڕەواحەی دەفەرموو، یان لەوانەی لوبەید. وەهانی شاعیرەکانیشی دەدا بۆ ووتنی شیعری جوان. وە لە ڕۆژی خەندەقیش دا شیعری دەوت

لەگەڵ هاوەڵەکانیدا تا کەمێك ماندویەتیان بحەسێتەوە. وە کاتێ شیعری شەرعیان دەوت بێ دەنگ دەبوو.

نمونەیەك لە ژیان وگوزەرانی پڕ لە سادەیی

پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ لەسەر حەسیرێك ڕادەکشا جێگەکەی لە لەشی پیرۆزیدا دەردەچوو. وە لە ماڵی دونیا هیچی لەلای خۆی گل نەدەدایەوە. خوای پەروەردگار بێ نیازی کردبوو لە غەیری خۆی، جار بووە مانگ دەڕۆیشت و بگرە دوو مانگ دەگەڕایەوەو ئاگر نەدەکرایەوە لە ماڵیدا، وە زۆربەی خواردنیان ئاوو خورما بووە. جاریش هەبووە خورماشیان دەست نەدەکەوت. زرێکەشی دابوو بە ڕەهن بە جولەکەیەك لە بری قەرزێك. جار بووە بە برسێتی چەندان ڕۆژیان لێ بووەتەوەو زۆربەی نانیان نانی جۆ بووە. وەلەو ڕۆژەوە کە هاتنە شاری مەدینە سێ ڕۆژ لەسەریەك تێریان لە نانی گەنم نەخوارد هەتا وەفاتی کرد. وە دەپاڕایەوە کە خوای گەورە ئەوەندەیان پێ ببەخشێ کە تەنها جێی

برسێتی بگرێتەوە، هەرگیز بە چاوی خۆی لە ماڵی خۆیدا نانی گەنمی سپیو مەڕی برژاوی نەبینی هەتا گەیشت بە خوای پەروەردگارو وەفاتی کرد. وە جاری وابووە لە برساندا لەماڵ دەرچووەتە دەرەوە.

پێخەفی نوستنی پێغەمبەر(ﷺ)و دۆشەکەکەی لە چەرم دروست کرابوو ناوەکەی پووشی دارخورما بوو یان لە قوماشێکی زبر دروست کرابوو، دەیفەرموو لە پلەی خۆم زیاد بەرزم مەکەنەوە، لەگەڵ ئافرەتیشدا دادەنیشت هەتا پێویستییەکانی بۆ جێ بەجێ بکات، کە دەعوەت دەکرا دەچوو ئەگەر بانگ هێشتیش بکرایە بۆ ڕۆنی کۆن بوو. هەندێك جار کراسێکی لەبەر دەکرد چوار درهەمی نەدەکرد. وەحەزی نەدەکرد کەس لەبەری هەستێت. ئەگەر قۆڵی مەڕێکی بۆ بهێنرایە بەدیاری وەری دەگرت. وە بە پیادەیی دەچوو بۆ سەردانی کردن. نەهی کردووە لە زۆر ڕابواردنو فەرمانی کردوە هەندێ جار بە پێ خاوسی بڕۆن بەڕێدا. دەستی بەسەری منداڵاندا دەهێناو ناوی دەنانو سەردانی دەکردنو

سـلاوی لێـدەكردن ودوعـای خێـری بـۆدەكردن، لـە ماڵیشەوە وەكو كەسێكی ئاسایی وابووەو جلی خۆی دەشـت و دەدوریـەوەو مـەڕی دەدۆشـی و خزمـەتی خۆیوكەس وكاری دەكرد، بەڵام كە كاتی نوێـژ دەهات دەردەچوو بۆ نوێژەكەی. وە سەردانی هەژارو نەخۆشی دەكردو بەشداری جەنازەیان دەبوو.

نمونەیەك لە شەونوێژو عیبادەتی:

پێغەمبەری خوا(ﷺ) كە دەنوست دەستی ڕاستی دەخستە ژێر ڕوومەتی ڕاستی و دەپاڕایەوە. وەپێش خەوتن ناوی خوای گەورەی دەهێناو سوپاسی دەكرد، وەسورەتی(الإخلاص) و(الفلق) و(الناس)ی دەخوێند. بە شەو لەسەر لای ڕاست دەخەوت و پێش نوێژی بەیانیان قۆڵی ڕاستی دادەچەقاند و سەری دەخستە سەر لەپی دەسـتی ڕاسـتی. سـەرەتای شـەو دەنوسـت و كۆتاییەكەی بە خواپەرستی زیندوو دەكردووە. كە گوێی لە خوێندنی كەڵەشێر دەبوو هەڵدەستا بۆ شەو نوێژ، هەندێ جار بە نەعلەوە نوێژی كردووە. لە كاتی

زۆر خەفـــەت و ناڕەحەتیـــدا نوێـــژی دەکـــرد. وە فەرموویەتی: وەك من نوێژ بکەن. پەنجەی شایەتمانی لـە تەحیاتـدا دەجولاندو فەرمویـەتی: لەسـەر شـەیگان توندترە لە ئاسن.

ئەوندە شەو نوێژی دەکرد قاچە پیرۆزەکانی ئاوساو قڵیشـان، وە سـەرەتایی شـەو دەنوسـت و ناوەڕاسـتی شەوو پارشێو هەڵدەستا تا دەچوو بۆ نوێژی بەیانی، وە کە لە شـەودا هەڵدەستا (دە) ئایـەتی کۆتایی سورەتی (آل عمـران)ی دەخوێنـد. وە سـیانزە ڕکات شـەونوێژی دەکـرد بـەڵام ئەگـەر نەیتوانیایـە بەشـەو هەسـتێ ئـەوا ڕۆژەکەی دوانزە ڕکاتی دەکرد. هەندێ جار لە شەودا نۆ ڕکـاتی دەکـرد. لـە ڕەمەزانیشـدا یـانزە ڕکـاتی دەکـرد. هەنـدێك جـار نوێژەکـەی درێـژ دەکـردەوەو قورئـانی زۆر تێدا دەخوێندەوە. وە هەندێ جار بە یەك ئایەت شـەوێك شەو نوێژی کردووە. بەڵام لە کۆتایی تەمەنیدا زۆرجار بە دانیشتنەوە نوێژی دەکرد. وە نوێژی سوننەتی زۆری دەکرد. پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ چوار ڕکات. یان زیاترو شـەش یـان تـا هەشـت ڕکـات نوێـژی چێشـت هـەنگاوی دەکرد .

پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆژوی سوننەتی زۆردەگرت و هەندیّ جار زۆربەی مانگەکەی دەگرت، بەڵام جگە لە ڕەمەزان هیچ مانگێکی سەراپا نەگرتووە. لەو مانگانەش کە دەیگرتن و زۆر تیایدا بە ڕۆژوو دەبوو وەك: مانگی شەعبان . وە سیّ ڕۆژی لە سەرەتای هەموو مانگێکدا دەگرت وە دووشەممەو پێنج شەممان، سیّ ڕۆژیشی لە هەموو مانگێك دەگرت .وە ڕۆژی (عاشورا)یش کە دەکاتە (١٠)ی مانگی موحەڕڕەم. حەزی لە بەردوام بوون بووە لەسەر کاری خێرو چاکەو ئەوەی پیّ خۆش بووە.

پێغەمبەری خوشەویست ﷺ لە کاتی قورئان خوێندندا ئایەتەکانی درێژ دەکردەوەو لەکۆتایی هەموو ئایەتێکدا دەوەستا، وەهەندیّ جار دەنگی نزم و کزو هەندێك جاری تر دەنگی هەڵدەبڕی. یان بە مامناوەندی دەیخوێند، لەگەڵ مانای ئایەتەکانیشدا ڕۆحی ئاوێتەو تێکەڵاو دەبوو وە دڵی دەدایە، بەڵام لە کەمتر لە سیّ ڕۆژدا هەموو قورئانی نەدەخوێندەوە. وە فەرموویەتی: دەنگتان خۆش بکەن بە قورئان خوێندن.

پێغەمبەری خۆشەویست(ﷺ) لە ترسی خوای گەورە لە نوێژدا زۆر دەگریا، وە کاتێ گوێی لە قورئان دەگرت. وە لە کاتی نوێژی خۆرگیراندا. وە لە کاتی مردنی کچەکەیو کچەزاکەیدا زۆر گریا. هەروەها لە کاتی وەفاتی هاوەڵێکی خۆشەویستی خۆیدا دەگریا.

هەندێك لە ئاكارو ڕەوشتە بەرزەكانی

پێغەمبەری خوا(ﷺ)لەسەر گەورەترین ئاکارو رەوشت بووە، لە کاتی قسەکردندا ڕووی دەکردە خراپترینی خەڵکیش تا دڵیان ڕابکێشێ. سەرزەنشتی کەسی نەدەکرد لەسەر شتی دونیاییو جوانترین ڕەوشتی هەبووە، کردەوە ناشرینو دەم پیس نەبووەو لە بازاڕو شوێنی قەرەباڵغدا دەنگی بەرز نەدەکردەوەو بە خراپە وەڵامی خراپەی نەدەدایەوە، بەڵکو لێی دەبوورا. لە کەسی نەداوە، نە لە خزمەتکارو نە لەخێزانەکانی، مەگەر لەکاتی جیهاد کردندا لە پێناوی خوای گەورەدا لە خەڵکی دابێ. وە هەرگیز لەسەر خۆی تۆڵەی لە کەس نەدەسەندەوە، بەلاّم ئەگەر بیبینیایە سنورێکی خوای

گەورە پێشێل دەکرێ، ئەو کاتە لە هەموو کەس زیاتر توڕە دەبوو. ئەگەر سەرپشك بکرایە بۆ کردنی دووکار ئەوا ئاسانەکەیانی هەڵدەبژارد بە مەرجێ تاوان و گوناه نەبوایە.

ذیکرو یادی خوای گەورەی زۆر دەکردو قسەی بێ هەدەری نەدەکردو خۆی بە گەورە نەدەزانیو لەگەڵ بێوەژنو هەژارو کەنیزەکدا دەڕۆیشت بە ڕێگادا. وە لۆمەو سەرزەنشتی خزمەتکاری نەدەکرد. باڵی سۆزی ڕادەخست بۆ ئیمانداران، کەسیان لێ دوورنەدەخستەوە تابچێتە خزمەتی، وە لە سەفەردا خێرا نەدەڕۆیشت تا لاوازەکان بە کەس و کاریان بگەنەوە. داوای هەرچی لێکرابێ نەیفەرمووە (نەخێر)، گەر هەبوبێ داویەتی یان بێدەنگ بووە. قسەخۆش و دەم بە خەندە بووە لەگەڵ خێزانەکانیداو سوبعەت و یاری لەگەڵ کردون. لەگەڵ تاوانبارو خراپەکاراندا نەرم بووە تا موسڵمان ببن. زۆر ڕقی لە درۆکردن بووە. جوانترین ڕەنگ بە لایەوە ڕەنگی سەوز بووە. پێغەمبەری خوا ﷺ مامۆستای

مرۆڤایەتی بووە لەگەڵ خەڵكدا زۆر نەرم بووە. تەنانەت ئەگەر خراپەشی لەگەڵ بكردایە زۆر بە نەرمی وەڵامی دەدایەوە. وە بەرامبەر نەفامێتی خەڵكیش زۆر بە ئارام و دەرون فراوان بووە.

ناوی ناشیرین و ناشیاوی خەڵكی دەگۆڕی، لە كاتی ڕۆیشتندا هاوەڵەكان لەبەردەمی‌یەوە دەڕۆیشتن و پشتەوەیان جێ دەهێشت بۆ مەلائیكەت . هەرگیز تەوقەی لەگەڵ ئافرەتاندا نەدەكرد، كە دەچوو بۆ سەردانی كەسێك ڕووەو دەرگاكە نەدەوەستا بەڵكو لەلایەكی‌یەوە ڕادەوەستا، وەدەستی ڕاستی زۆر بەكاردەهێنا. كاتێ هەواڵێكی خۆشیان بۆ بهێنایە سەجدەی شوكری دەبرد بۆ خوای گەورەوە، لە كاتی پژمین دا بەدەستی یان كراسەكەی دەم و چاوی دادەپۆشی‌و دەنگی پێ نزم دەكردەوە، وە حەزی لەپاك و خاوێنی‌و پۆشاكی جوان بووە.

پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر بەبەزەیی بووە، بە تایبەت لەگەڵ كەس و كارو نەوەكانی‌دا بە جۆرێ ماچی

کچەزاکانی خۆی دەکرد، نەك هەر لەگەڵ مرۆڤدا بەڵکو زۆر بەبەزەیی بووە لەگەڵ گیانلەبەرانیشدا، بە جۆرێك جامی ئاوی لار دەکردەوە بۆ پشیلە تالێی بخواتەوەو بە پاشماوەکەشی دەست نوێژی شتووە. وە پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ دادپەروەر بووە لە کاروبارەکانیدا و خوای گەورە بەمە فەرمانی پێ کردووە، وە زۆر دڵ سەخاوەت و بەخشندە بووەو هەرگیز بەخیل نەبووە.

خوای گەورە زۆرێك لە موعجیزاتی پێبەخشیبوو: گەورەترین موعجیزەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە خوای گەورە پێی بەخشیوە قورئانە، هەروەها زۆر موعجیزەی تری هەبووە وەکو: لەت بوونی مانگ و شەوڕەویو بڵندبونەوەی (الإسرآء والمعراج) و بینینی هەموو ئەو شتانە لەو کاتە کەمەدا، وە بەرەکەت کەوتنە خواردنەوە بە ویستی خوای گەورە وەکو لە خەندەق دا (١٤٠٠) هاوەڵ لە یەك چێتریان خوارد ، وە (١٣٠)کەس لەیەك جگەریان خوارد لە شوێنێکی تردا، وە خواردن لە بەردەمیا تەسبیحاتی دەکردو هاوەڵان دەیان بیست، و لە تەبوکدا ئاو لە نێوان پەنچەکانیەوە دەهاتە دەر کاتێ

دەستی خستە ناو جامە ئاوەکەوە بەجۆرێ (٣٠) هەزار کەس لەگە لْ (١٠) هەزار وشتر لێیان خواردەوەو شتیان لێ پڕکرد. وە لە حودەیبیەدا تیرێکی خستە ناو بیرێکی وشك بوو(بسم الله)ی کرد ئاوەکە پڕبوو تا (١٤٠٠) صەحابە لێیان خواردەوە بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ و هەرمایەوە، وە بەردێك هەبوو سلاّوی لێدەکرد لەکاتی پێغەمبەرایەتی دا، گیان لەبەرانیش شکاتی حاڵیان دەهێنایە لای و دارو درەخت بە تاسەوە بوون بۆی و سێبەرو پەردەیان بۆ دەکرد، وە قەدە دارخورمایەك هەبوو لەلای دا وتاری دەدا، دوای ئەوەی چووە سەر مینبەر ئەو بنە دارە وەك منداڵ دەگریا تا باوەشی پیا کردو ئینجا بێ دەنگ بوو. وە تورەکە خورمایەکی دا بە أبو هورەیرەو فەرمووی: مەیکەرەوە و دەستی پیا بکەو لێی بخۆ، ئەوەبوو تا سەردەمی دوای کوژرانی عوپمان (ڕەزای خوای لێ بێت) تیایدا مابوو بێ خراپ بوون هەتا توورەکەکە پووا بوو هەڵتەقی. وە چەندان موعجیزەی تر کە لێرەدا جێگەی نابێتەوە.

ئەم پێغەمبەرە خۆشەویستە ﷺ خوای گەورە بەهۆیەوە چاوانی کوێرو گوێیانی کەڕو دڵانی

داخراوی پێکردەوە، وە نێردرابوو تا ڕەوشتە جوانەکان بچەسپێنیت و تەواوی بکات، لە گەڵ ئەوەی کە ئازاری کەسی نەداوە کەچی دوعای دەکرد کە قسەی بە هەرکەسێك ووتووە خوای گەورە بۆ ئەو کەسە بکاتە پاداشت و نزیك بوونەوە لە خۆی.

بە کورتی ڕەوشتی قورئانی بووە، ئەمەندە ئازا بووە لە کاتی غەزاکاندا لەپێشی هاوەڵەکانەوە دەجەنگا. وە راستەوخۆ لە کارە سەختەکاندا لەگەڵ هاوەڵەکانیدا بووە(نەك تەنها بەردی بناغە دابنێت و بەس!!)، زۆر ڕۆح سووك بووە، بە جۆرێك هەرگیز باوێشکی نەداوە.

وە داوای هەرچی‌یەکی لێ بکرایە نەیدەوت نی‌یەو نەخێر زۆر سەخی دەروون بووە. بە تایبەتی لە مانگی ڕەمەزان دا. وە بۆ خۆی هیچی هەڵنەدەگرت بۆ سبەینێ بەڵام خواردنیساڵێکی پاشکەوت دەکرد بۆ کەس و کارەکەی. وەدیاری وەردەگرت و پاداشتی دەدایەوە لەسەری بەڵام خێرو سەدەقەی نەدەخوارد.

شەرمی پێغەمبەری خوا ﷺ زیاتر بووە لەشەرمی ئەو کچە عازەبەی کە دەچێتە پشت پەردەکەیەوە. وە ئەگەر شتێکی پێ ناخۆش بوایە بەڕوویدا دەردەکەوت،

وە کــــە دڵخـــۆش دەبـــوو ڕووی وەك لەتـــە مـــانگ دەدرەوشايەوە. لە هەموو کەس ئازاترو سەخی تر بووە. پێغەمبەری خوا(ﷺ) کەڵەشاخی گرتووەو(أبو گێبه) بۆی کردو ئەویش لە بری‌دا دوو(صاع) خواردنی دایە(کە هەر صاعێك نزیکەی چوارمشت دەگرێت). وە دەیفەرموو: چاکترین دەرمانە. وە لەسەر هەردوو لاملی وە لە نێوان هەردوو شانی‌و لەسەر سەرەوەی پشتی‌و ناوشانی‌دا گرتوویەتی. وەلەسەر پشتی قاچیدا کردویەتی لەبەر ئازارێك کە تیایدابوو، وەلە (١٧و١٩و٢١)ی مانگدا دەیگرت (واتە مانگی کۆچی).

سیانزە ساڵ لە شاری مەککە مایەوە وەحی بۆ دەهات و دە ساڵیش لە مەدینەو لە تەمەنی شەست‌و سێ ساڵیدا وەفاتی کرد. پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەو ڕۆژەی کە تیایدا وەفاتی کرد پەردەی ژوورەکەی لاداو کۆتا تەماشا تەماشای هاوەڵەکانی کرد کە أبوبەکری صدیق(ڕەزای خوای لێ بێت) پێش نوێژی بۆ دەکردن. وە لە کاتی سەرەمەرگی‌دا دەستی دەخستە ناو ئاوەوەو دەهێنا بەڕوویداو دەپاڕایەوەو زۆر ناڕەحەت بوو. لەبەر سینگ‌و بەرۆکی عائیشەدا(ڕەزای خوای لێ بێت) بوو کە

وەفاتی کرد. ئەوەندە نارەحەت دەبوو فاطمەی کچی دەیفەرموو:(وأ کرباه) یان(وا کرب أبتاه) واتە: ئای باوکم چەند ناڕەحەتە. ئەویش دەیفەرموو: ئیتر لەمڕۆ بەدواوە باوکت ناڕەحەتی توش نابێ‌و باوکت شتێکی پێ گەیووە(کە مردنە) کەس ڕزگاری نابێ لێی. وە ئەبوبەکر(ڕەزای خوای لێ بێت) دوای وەفات کردنی پێغەمبەر ﷺ ناو چاوی ماچ کردو هەردوو قۆڵی گرت‌و فەرمووی: (وانبیاه، وا صفیاه، وا خلیلاه).

وە بەر لە وەفات کردنی خوای گەورە شوێنی خۆی نیشانداوە لە بەهەشتداو سەرپشکی کردبوو کە ئایا ژیانی دونیای دەوێ یان گەڕانەوە بۆ لای خۆی‌و پاداشتی نەبڕاوە، ئەویش دووەمی هەڵبژارد. سا ئیتر دوای وەفات کردنی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو ڕۆژە بەلای هاوەڵانەوە زۆر ناخۆش بوو. بەجۆرێك شاری مەدینەیان لەلا تاریك بوو. دوای ناشتن‌و بە خاك سپاردنی ڕقیان لەدڵی خۆیان دەبووەوە. وە لە ڕۆژی دووشەممەی ساڵی (١١)ی کۆچی‌دا وەفاتی کرد دوای ئەوەی پەیامەکەی ڕاگەیاندو خوای گەورە دینەکەی خۆی پێ تەواو کرد. وە لەکاتی ناشتنی‌دا جیاوازی

کەوتە نێوان هاوەڵانەوە کە ئاخۆ لە کوێدا بینێژن، تا ئەوە بوو ئەبوبەکر(ڕەزای خوای لێ بێت) چارەسەری گرفتەکەی کردو فەرمانی کرد لە شوێنی وەفات کردنی‌دا بینێژن. وەشەوی چوارشەممە لە کۆتایی شەودا بە خاکیان سپارد. واتە دووشەو بەم شێوە مایەوەو وەستان لە بەخاك سپاردنی، ئەویش لەبەر دیاری کردنی جێنشینێك لەدوای پێغەمبەری خوا﴿صلى الله عليه وسلم﴾ کە ئەویش ئەبو بەکری صدیق بوو (ڕەزای خوای لێ بێت).وە لە پێش وەفات کردنی‌دا چەند جاریك بوورایەوەو کە هۆشی دەهاتەوە دەیفەرموو: با بیلال بانگ بدات وئەبوبەکر بەرنوێژی بکات، دوای وەفات کردنیشی هاوەڵەکان زۆر بێ تاقەت بوون کاتێ هەواڵی وەفات کردنیان بیست، بەجۆرێ عومەر (ڕەزای خوای لێ بێت) هەڕەشەی دەکرد لەو کەسەی کە بڵێ پێغەمبەر ﴿صلى الله عليه وسلم﴾مردووە، پاشان ئەبوبکر(ڕەزای خوای لێ بێت) هاتو تێی گەیاندن کە وەفاتی کردووەو فێری کردن کە بە چ شێوازێك نوێژی لەسەربکەن و لە کوێدا بینێژن و کێ بیشوات. پاشان بەیعەتیاندا بە ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێ بێت)، وە کرا بە خەلیفە .

پێغەمبەری خوا(ﷺ) جگە لەمانە هیچی لە دوای خۆی جێ نەهێشت: چەکەکەی، وە هێسترەکەی‌و پارچە زەوی‌یەك کە کردبووی بە خێر. وە هیچ میراتی‌یەکی جێ نەهێشت بۆ منداڵەکانی بەڵام هەندێکی جێ هێشت بۆ نەفەقەی خێزانەکانی، بەڵام ئەبوبەکر(ڕەزای خوای لێ بێت) بەڵێنی‌دا کە نەفەقەیان بکێشێ. وە هیچ مەڕو ماڵاتی دوای خۆی جێ نەهێشت.

خەون بینین پێوەی

هەر کەسێك پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە خەودا ببینێت لەسەر ئەو وەسفانەی کە باسکرا ئەوە ئەوی بینیووە چونکە شەیطان ناتوانێ بچێتە شێوەیەوە. وە لە کۆن‌و نوێ‌دا پیاوچاکان هەبوون کە لە خەودابینیویانەو وا وەسفیان کردووە کە لە شێوەی‌دا زۆر لەحەسەنی کوڕی عەلی چووە (ڕەزای خوای لێ بێت).

ئەو مافانەی لەسەرمانە بەرامبەر پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾

١- ئیمان و بڕوا پێ بوونی: خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعًا الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ يُحْيِي وَيُمِيتُ فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الْأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ﴾ الأعراف/١٥٨

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾ بڵێ: ئەی خەڵکینە چاك بزانن کە من پەیامبەرو نێردراوی خوام بۆ لای سەرجەم ئێوە، رەوانەکراوم لە لایەن ئەو خوایەی کە دەستەلاتداریێتی تەواوی ئاسمانەکان و زەوی تەنها هی ئەوەو جگە لەو هیچ پەرستراوێکی بە هەق نیيە، ژیان دەبەخشێ و گیان دەستێنێ، دەسا ئێوەش بە خواو ئەو پەیامبەرە ﷺ هەواڵدەرە نەخوێندەوارەی خوا بڕوا بکەن کە ئەو بۆ خۆی بڕوای کاملی بە خواو بە هەموو ووشەکانی ئەو هەیە، دەسا ئێوەش شوێنی بکەون تا بەڵکو بەختەوەرو شارەزای رێگای هەق بن.

یەکەمین مافی پێغەمبەر(ﷺ) بەسەر ئوممەتەکەیەوە ئەوەیە کە بەدڵ و دەرونەوە بڕوامان پێی هەبێت کە لەلایەن خواوە هەڵبژێردراوەو پایەی پێغەمبەرایەتی پێ خەڵات کراوە، وە بڕوامان وابێت کە ئەو زاتە چاکترین و تەواوترین و راسترین رابەرو پێشەوایە لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا وە هەرچی فەرمووە راست و رەوایەو لەلایەن خواوە فەرمانی پێکراوە. وەسوپاسی خوای گەورە بکەین لەسەر رەوانەکردنی ئەو پێغەمبەرە بەرێزە(ﷺ) چونکە رەحمەت و نیعمەت بووە بۆ مرۆڤایەتی

٢- ناسین و شارەزا بوون لە ژیان و سیرەتی پیرۆزی، ئەویش بە خوێندنەوەو موتالاّ کردن و لێکۆڵینەوە و رامان لە رەوشت و مامەڵەی لەگەڵ دۆست و دوژمنانیدا، چونکە تا زیاتر لە ژیانی شارەزا بین زۆرتر شیرینایی و خۆشەویستی پێغەمبەری خوامان (ﷺ) لە لا زیاتر دەبێت، ئەو کتێبانەش کە تایبەتن بە سیرەتی پێغەمبەری خوا(ﷺ)زۆرن لەوانە: (ژیانی پێغەمبەری مەزن(ﷺ))ی پارەزانی، (گولاّوی

سەرمۆر)ی پارێزەر بكر حمە صدیق، (ژیانی پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾)مامۆستا محمد ملا فائق، (ژیانی ئازیزمان ﴿ﷺ﴾)مامۆستا حبیب محمد سعید، ....وە دەیان و سەدان نامیلكەو پەرتووكی كوردیو عەرەبی تر...

٣-خۆشەویستنی پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾زیاتر لەماڵ و منداڵ و كەس و كارو سامان و خودی خۆشمان، وەسەرخستنیو پارێزگاری كردن لە ڕێزو حورمەتیو بوار نەدان بە هیچ كەسێك لە ژێر هەر ناوو پاساوێكدا بێت بێ ڕێزی بكات بەرامبەری، چونكە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنفُسِهِمْ وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ ... ﴾الأحزاب٦ ، وە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾ دەفەرموێت: ((لا یؤمن أحدكم حتی أكون أحب الیه من والده وولده والناس أجمعین))متفق علیه.

واتە: هیچ یەكێك لە ئێوە ئیمانی تەواو نابێت هەتا من لە باوك و منداڵ و هەموو كەسێكی خۆشەویستر نەبم.

وە هەر لە خۆشەویستی ئەویشە خۆشویستنی خێزانە سەنگین و نموونەییەكانیو هاوەڵە گیانفیداو ناوازەكانی(ڕەزای خوایان لێ بێت)..

٤- شـوێنكەوتنی ڕێبازەكـەیو گوێڕایـەڵی كـردن و جێبـەجێ كردنـی فەرمايشتەكانی، چونكە پێغەمبـەری خـوا﴿ﷺ﴾ پێشـەنگی ئێمەیـە وەك خـوای گـەورە دەفەرموێت: ﴿ لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيراً ﴾الأحـزاب٢١، وە پێغەمبـەری خـواش﴿ﷺ﴾دەفـەرموێت:((... فعلـيكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشيدين المهديين..)).

واتـە: دەستبگرن بـە سـوننەتی مـن و سـوننەتی جـێ نشينە ڕێنمويی كراوەكانم.

وە بانگەشـەكردنی خۆشەويسـتی بـەبێ گوێڕایـەڵی كردن هيچ بەهايەكی نىيە.

٥- خۆشويسـتنی دۆسـتانیو بوغزانـدنی دوژمنـانی: چـونكە بـە گشـتی خـەڵكی دوو جـۆرن: يـان دۆسـت و لايـەنگری دينـی خـوان و پێغەمبـەری خوايان﴿ﷺ﴾ بـە پێغەمبـەرو پێشـەوا قبوڵـەو خۆشـيان دەوێـت، يـان بـە پێچـەوانەوە لـە بـەرەی نـەياران و دوژمنـانی دينـدان و هـەموو هـەوڵ و تەقـەلايان بۆ ناشيرين كردنـی ئيسلام و پيرۆزی‌يـەكانێتی. خـوای گـەورەش دەفـەرموێت:﴿ مُّحَمَّدٌ

رَّسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاء عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاء بَيْنَهُمْ...﴾ الفتح/٢٩.

٦- كاركردن به سوننەتەكانىو خۆڕازاندنەوە بە ئاكارو رەوشتەكانى: پێغەمبەرى سەركردەو رابەر ﴿ﷺ﴾ تەنها لە بوارى پەرستش و خواپەرستىدا پێشەنگ نەبووەو بەس، بەڵكو سەراپاى تەمەنى زێڕينى پڕ گەوهەرى لێواو لێوە لە ئاكارو رەوشت و مامەڵەى هەنگوين ئاساى، بەڵام زۆر بە كەمى ئاگامان لەو رەوشتانەيەتىو زۆر بە كەميتريش جىٚبەجىٚى دەكەين و خۆمان بەو رەوشتانەى ئەو ئارايشت دەكەين، بۆيە موسڵمانىيەتەكەمان تەنها رەمزو ناونيشانەو جەوهەرو رۆحى تيانىيەو نەمانتوانيوە ببينە نمونەى زيندوو بۆ بنەما رەوشتىيە جوان و چەسپاوەكانى ئيسلام تا خەڵكى بانگەواز بكەين.

٧-بە بەردەوامى سەڵاوات دان لەسەرىو سەلام ناردن بۆى: بە تايبەتى هەركاتێك ناومان برد يان ناويمان بيست، كە ئەمەش فەرمانى خواو پێغەمبەرەكەيەتى ﴿ﷺ﴾ بۆمان، وە مايەى رىٚ لىٚ وون نەبوونى بەهەشتە.

٨- بڵاوکردنەوەی دینەکەی‌و خۆفیداکاری بە ماڵ و گیان بۆ گەیاندن و برەودان بە ڕێبازەکەی، وەك هاوەڵان کاتێ لە ڕۆژی (ئوحد)دا پڕوپاگەندەی شەهید بوونی پێغەمبەریان ﴿ﷺ﴾بیست دەیانفەرموو: ((قوموا فموتوا على مامات عليه رسول الله)). وە هەوڵدان و شەونخونی کردن بۆ ئاشناکردنی چینێکی زیاتر بەم ڕەوشت و ئاکارانەی پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾کە بە دڵنیایی‌یەوە هەرکەس بە ئینسافەوە لێی شارەزا بێت و خوای گەورە ویستی هیدایەتی بۆی هەبێت زۆر گەرم و توندو تۆڵ تر لەوانەی بانگیان کردووە دەبێتە خوێندکاری ناو ئەم زانکۆ گەورە پڕ لە سەروەری‌یە.

زۆر جار بە مەبەستی خۆشەویستی دەربڕینەوە بۆ پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾ لە مانگی (ربيع الاول)دا شیرینی دەبەخشرێتەوەو شادی دەردەبڕێت، بەڵام ئەم کارە لە سۆنگەی شەرعەوە دروست نی‌یە، چونکە ڕێزگرتن و خۆشویستنی پێغەمبەری خوا﴿ﷺ﴾ تایبەت نی‌یە بە ڕۆژو مانگێکی دیاری کراوی ساڵ و بەس، پاشان ئەم یادە هاوەڵانی یەکەم خۆشەویستی پێغەمبەر﴿ﷺ﴾ نەیانکردووەو خۆمان دروستمان کردووە!! جا لە جیاتی

سەرفکردنی ئەو بڕە پارەیە لەو شادی و مەولود سازکردنە کاتی‌یەدا با هەوڵ بدەین لە بڵاوکردنەوەی ئاکارو رەوشت و رێبازو بەرنامەکەی‌دا سەرفی بکەین و لەو سەدەقە جاری‌یەدا دایبنێین، وە خۆمان و ماڵ و منداڵ و کەسوکارمان بڕازێنینەوە بە ڕەوشت و ئاکارو عیبادەت و سوننەتەکانی تا بەڵکو بە پشتیوانی خوای گەورە کۆمەڵگایەکی پڕ لە عیزەت لە ژێر سایەی بەرنامەو ئاکاری پێغەمبەری‌یانەدا دروست ببێت....وما ذلك على الله بعزيز

خوای گەورە ئەم کارە بچوکەشمان بە عیبادەت و (صەدەقەی جاریە) بۆ حیساب بکات و پاداشتی هەموو ئەو کەسانەش بداتەوە کە بەشداربوون لە خێری بڵاوکردنەوەی‌دا.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين